





ئاڵای ئازادی
www.alayazadi.com

ژمارە (٧٠٦)  دوو شەممە ١٦ی نیسانی ٢٠٠٧  **E-Mail:** alayazady@yahoo.

# ئەنفال لەدیدی ئەوانی ترەوە

# ئاکامە سلبیەکانی وردنەبوونەوەی تەواو لە کارەساتی ئەنفال

**تەیسیر ئەلئالوسی**

**تایبەت بە ئاڵای ئازادی**

ڕژێمی دکتاتۆریی خوێنڕێژ گەلێک جۆری تاوانی ئەنجامداوە، وەک هەموو گومڕاکانی تر کە نەخۆشیی حەز بەخوێنڕشتنو وێرانکردنیان لەگەڵدایە، بەڵام ئەم بەجیا لەهەموو ئەو تاوانکارانەی تر کۆمەڵێک تاوانی قێزەونی ئەنجامداوە کە کەمترین وشە لەوەسفیاندا بوترێت ئەوەیە تاوانی جینۆسایدن، خاڵی جیاکەرەوەی تاوانەکانیشی ئەوەن کە لەسایەی خولیای سادییانەی دکتاتۆردا شێوازی ئەنجامدانیان یەک پارچە نیشانە بوە بۆ گاڵتەجاڕیکردن بە بوونی خۆیشی وەک لاشەیەکی مرۆیی، یان بوونەوەرێکی خاوەن بونیادی مرۆییانە، لەسایەی هەموو ئەو بێ ئەقڵییانەی تێیان دەکەوت لەگاڵتەکردن بەمافەکانی گەلو بەمافە مرۆییەکانەوە، نەدەکرا بخرێتە ریزی دڕندەترین جۆری ئاژەڵی دارستانیش کە ئەمەی دوایان زیاتر هەتا رادەدەی تێربوونی خۆی لاشەی نێچیرەکەی پارچە پارچە دەکات.

لەکاتێکدا دکتاتۆری خوێن هونەری سەری دەنواند لەگەڵ قوربانیەکانیدا، ئەوەبوو تاکە تاکەو دوان دوانو کۆمەڵ کۆمەڵو بەگرووپی جارێک منداڵان بەجیاو جارێک ژنان بەجیاو جارێک پیاوانو بەسەدان هەزار، خەڵکی دەکوشت، بەڵام هەرگیز هەستی بەتێرکردنی ئارەزووە ناتەندروستە پڕمەترسییەکانی خۆی نەدەکرد، بۆیە گەلی عیراقی هاویشتە توونی شەڕێکەوە کە بەپۆلی گەورە گەورە گیان بچنێتەوەو ئەوەش دیسان کەمێک چاویان نەحەواندەوە لەئەنجامدانی تاوانی زیاترو زیاتر.

لەبەرئەوەش ئەو هەموو قینەی لەناخیدا بوو لەلەشیدا جێگەی نەدەبۆیەوە، بۆیە دەپەڕیو تاوانێکی گەورەی دەرهەق بەگەلی کوردی تروکاند، راستیی ئەو تاوانەش لەوەدا نیە بتوانرێت گوزارشتی لێ بکرێت، چونکە جۆرێکی هێندە قێزەونی تاوانە لەهیچ سەردەمێکدا لەوێنەی ئەنجام نەدراوە، ئەو تاوانەی ناوی لێ نرا پڕۆسەکانی ئەنفالکردن، یان ئەنفال!!

بەم شێوەیە ناوی هەر قوربانییەکی ئەو پڕۆسەیە لەگەردنی هەر عیراقییەکی ئازادو سەربەرزدا دەمێنتەوە کە بەرگری لەمافی خۆی بکات لەژیانو کەرامەتو ناموسو هیوای ئاشتیو دیموکراسی، تا ئەو کاتەی هەموو ئاواتەکانی گەلی کوردمانو گەل عیراقیمان دێتەدی، شانبەشانی یەک لەپێناوی بیناکردنی عیراقی ئەمڕۆو سبەینێی ئازادیو سەربەخۆیی.

لێرەدا پێویستە بوترێ کە مانەوەی تاوانکاران بەدوور لەتۆڵەی عادیلانە مانای بەردەوامبوونی کەموکورتییە لەدوو سەرەوە: یەکەم لەرووی بەسزاگەیاندنی تاوانکارو دووهەمیش لەرووی گێڕانەوەی ماف بۆ ئەو قوربانییانەی هێشتا بەچاوی کۆستکەوتوویی‌و بێوەژنیو هەتیویو مەینەتبارییەوە سەیری رووداوەکان دەکەن، واتە کەسوکاری قوربانیان لەرۆڵەکانی گەلی کورد بەتایبەتی گەلی عیراق بەهەموو پێکهاتەکانییەوە بەگشتی.

هەرچی ئەو تاوانانەشە کە دەچنە چوارچێوەی هەڵمەتەکانی ئەنفالەوەو پێویستە کار بۆ ئەوە بکرێت دادگای پێویستیان بۆ ساز بکرێت، ئەوە دەشێت ئەمانەیان لێ بژمێرین:

تاوانەکانی جینۆساید: ئەوانەش ئەو تاوانانەش کە بەگەلێک شێواز ئەنجام دران، لەوانە بەکارهێنانی گازی کیمیاوی، گازی کوشتنی بەکۆمەڵ لەرووداوێکدا کە بۆ یەکەمین جارە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا رووبدات حکومەتێک ئەو چەکە دژی رۆڵەکانی وڵاتەکەی خۆی بەکاربهێنێت.

تاوانەکانی راگواستنی زۆرەملێ چ لەسەر ئاستی دەرەکی وەک چۆن دەسەڵاتی گومڕا لەچەند حاڵەتێکدا کوردەکانی ناچار کرد بەرەو دەرەوە کۆچ بکەن، لەوانە لەقۆناغی شەڕەکانی ناوەڕاستی حەفتاکاندا، هەروەها راگواستنی ناوخۆیی لەتاوانی گۆڕینی سیمای دیمۆگرافیانەی ناوچەکاندا، کاتێک دانیشتوانی شارۆچکەو دێهاتەکانی پارێزگاکانی موسڵو کەرکوکو پارێزگای ناونراو بە سەلاحەددین یان تکریتو پارێزگای دیالەی ناچار کرد شوێنی خۆیان بەجێ بهێڵن، ئەوەش پڕۆسەی بەعەرەبکردنی ناوچەیەکی کوردنشینو دوورخستنەوەی دانیشتوانەکەی بوو بەو شێوازەی هەموومان دەیزانین.

تاوانی دژی مرۆڤایەتی: لەبوارەکانی شەڕی دەروونیو جەنگ بەرووی ناسنامەی نەتەوەیی کورداو گۆڕینی ناسنامەی بەشێکی زۆریان بۆ عەرەب، ئەمەش سیاسەتێکی نەگۆڕی ڕژێمی عرووبەچیی بەعسی فاشییە، لەراستیدا ئەم سیاسەتە بەگوێرەی بڕگەکانی یاسای نێودەوڵەتی دەچێتە خانەی تاوانی قەڵاچۆکردنی رەگەزی مرۆییو دیاردەکانی ئەو قەڵاچۆیەش بریتین لە قەڵاچۆکردنی جەستەییو قەڵاچۆکردنی بایۆلۆژیکی، وەک خوێن گۆڕینی پیاوانو لەباربردنی ژنانی دووگیانو ئەمەش بەتایبەتی دەرهەق بەکورد کراوە، لەنێویاندا دەرهەق بەبارزانییەکان کراوە، هەروەها قەڵاچۆکردنی کەلتووریش هەیە وەک دەستدرێژیکردنە سەر کەلتووری نەتەوایەتیو سەر ناسنامەی تایبەتمەندێتیو زەوتکردنی رەگەزنامەی ئەو کەسانەی لەئامارەکانی رژێمدا بەشداری ناکەن، کە ئەمەیان بەشێک بوو لەپڕۆسەی ئابڵۆقەدانی شۆرشگێڕە کوردەکانو راوەدوونانیانو بگرە گۆڕینی زۆرەملێی ناسنامەی هەزارانیان.

بۆ زیاتر ئاشنابوون بە تاوانەکەو قەبارەی تاوانەکەو بەر لەوەی بکەومە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی (ئاڵای ئازادی)، پێویستە بزانین پشتگوێخستنی خوێندنەوەی وردی تاوانەکەو گرنگی نەدان بەقوربانییەکان چ ئاکامێکی لێدەکەوێتەوە، ئەمەش ئەوەمان لێ دەخوازێت ژیرانەتر سەیری رەوتی دادگاییەکەو سزای سەپێنراو بەسەر تاوانکارانو رەوتی ئەو رێگەچارانە بکەین کە چاوەڕوان دەکرێت لەئایندەدا پەیڕەوبکرێن، لەو ئاکامانەش:

١/ ئاکامە ئەخلاقیو پەروەردەییەکان: شوێنەواری تاوانەکە، لەشوێنەواری دەروونی قووڵ لەناخی منداڵو خانەوادەی قوربانیانو ناخی سەرلەبەری گەلی کورددا. جا لێرەدا کاریگەرییەکە زۆر قووڵتر دەبێت ئەگەر ئەوانە هەست بکەن بایەخ بە قەبارەی ئەو کارەساتە مرۆییە نادرێ کە بەسەر کەسوکارەکانیانو بەسەر هەموو گەلی کورددا هاتوە بەگشتی.

٢/ ئاکامە یاساییە دەستوورییەکان: تاوانی ئەنفال کۆمەڵێکی جۆراوجۆرە لەتاوانی قەڵاچۆکردنو تاوانی دژی مرۆڤایەتی، کەواتە تاوانێکی ئاساییو سادە نیە، تاوانێکە لەو تاوانانەی تێپەڕبوونی کاتو سەردەم نایسڕێتەوە، چونکە تا ئێستاشو لەپاشەڕۆژیشدا شوێنەوارەکانی بەگوێرەی مەترسیداریو قەبارە راستەقینەکەی خۆی چارەسەر ناکرێن. بەتایبەتیش ئەگەر بزانین زۆربەی قارەمانانی ئەو تاوانە لەبکوژە سادییەکانن کە هێشتا لەناوماندا دەژینو هەندێکیان ئێستا لەلایەن هێزە ئیقلیمییەکانو هێزگەلێکی ترەوە پارێزگارییان لێدەکرێ.. بەڵام ئێمە لێرەدا ئاماژە بەوە دەدەین ئاکامە دەستوورییەکان لەوەدان کە ئەگەر تاوانەکە پشتگوێ بخرێت مانای وایە دیسانەوە مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی بەشێوەیەک دەکرێت وەک ئەوەی بریتی بێت لەتاکە گوزارشتی یاسایی لەیەکێتیی خاکی نیشتمان، ئەمەش زەوتکردنی مافی نەتەوایەتیی کوردو غەیرە کوردی لێدەکەوێتەوە.. ئەمە ئەگەر قەبارەی تاوانەکە بچوکتر بکرێتەوە لەوەی هەیەو خوێندنەوەیەکی دروستی بۆ نەکرێت.

٣/ ئاکامە سیاسییەکان: پشتگوێخستنی توێژینەوەو خوێندنەوەی وردی تاوانەکەو شوێنەوارەکانی تاوانەکە دەبێتە هۆی قایل بوون بەو پێشنیارانەی دژ بەفیدراڵیزم دێنەئاراوەو بەدوایدا رەتدانەوەی مافە نەتەوایەتییە رەواکانی گەلی کورد، لەکاتێکدا تاکە گەرەنتی ئەو مافانە بریتییە لەبەسەربردنی ژیان لەسایەی دان پێدانانێکی فەرمیو بەرپرسانە بەمافی کورد لەبوونی نەتەوەیی تایبەتو بەناسنامەکەی، لەرێی کۆمەڵێک رێوشوێنی یاسایی دیاریکراوەوە کە پێویستە بەخێرایی بگیرێنەبەر.. چارەسەرەکەش لێرەدا پێویستی بەلەناوبردنی هەستیارییەکانی پەیوەندیی نێوان لایەنە جیاجیاکانە بەگشتی، بەتایبەتیش پەیوەندییەکانی نێوان هەندێک لایەنی سیاسیی عەرەبیو هەندێک لایەنی سیاسی کوردی، واتە پەیوەندییەکانی نێوان بەشەکانی گەلی عیراقو هێزە نیشتمانییە راستگۆکانی، ئەوسا ئەو هێزانە لەرێی هەڵوێستی بەرپرسانەوە بەشێوەیەکی دروست ئەو تاوانە قێزەونە پێناسە بکەن.. بەرپرسیارێتییەکەش لەسەر شانی کەسایەتییە عەرەبییەکان دووهێندە دەبێت لەم حاڵەتەدا لەبەر هەستیاریی کاریگەریی ئەو مەسەلەیە.

٤/ ئاکامە مرۆییەکان: لەبەرئەوەی قوربانییەکان قەرەبوو نەکراون، تەنانەت قوربانیی تاوانی ئاساییش قەرەبوو دەکرێتەوە، کەچی ئێمە لێرەدا باسی تاوانێکی مەزنی ئامێتە دەکەین کە بەیەکجار دژی سەدان هەزار قوربانیو تەواوی گەلێک ئەنجامدراوە، ئەی کوا ئەو قەرەبووەی لایەنێکی شوێنەوارەکانی ئەو تاوانە پڕ دەکاتەوە، خۆ ئەو قەرەبوە گیان ناکاتەوە بەبەر ئەوانەدا کە لەناوچوون، بەڵام لەرووی مەعنەویو مادیەوە مافەکانی ئەو گەلە ستەملێکراوە دەگێڕێتەوە.

٥/ ئاکامە نەتەوەییەکان: ئەمەش بریتییە لە لەخۆپرسینەوەو ئازاری ویژدانی نەتەوەیی بەرامبەر پڕۆسەی پشتگوێخراوی لەلایەن بەرامبەرەوەو بێدەنگ بوون لەئاست تاوانەکاندا، دیارە لەلایەن هێزە نەتەوەییە کوردییەکانەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی لێکدابڕانو لێکدابڕانەکەش گیانی توندڕەوی نەتەوەیی توندتر دەکاتەوەو دواجار نەک گیانی جوداییخوازی دەوروژێنێت لەسەر ئاستی عیراقو لەم بارودۆخە مێژووییەی ئێستادا، بگرە گیانی جوداییخوازییەکی دوژمنانە لەنێوان ئەو نەتەوانەدا دەوروژێنێت کە لەسەر ئاستی مێژوویەک برایەتییان لەنێواندا بوەو (ئێستاش هەیە)، کەوایە ئەمە مەسەلەیەکە ئێمە بەرپرسیار دەبین ئەگەر مامەڵەی دروست لەگەڵ مەترسیداریو قەبارەی تاوانەکەدا نەکەین، چونکە ئیشکالییەتەکانی هەست بەکەمتەرخەمی کردن لە قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی تاوانەکەدا دەچێتە خزمەتی توندکردنەوەی دەمارگیریی نەتەوەیی، لەکاتێکدا ئێمە ئەوپەڕی پێویستیمان بەکرانەوەی نەتەوەییو برایەتی نێوان نەتەوەکانو یەکێتییان هەیە.. بەتایبەتیش لەسەر ئاستی نیشتمانیی عیراق، چونکە بەرژەوەندیمان ئێستا لەمانەوەی ئەو یەکێتییە مێژووییەی نیشتمانی عیراقدایە تا ئەو کاتەی گۆڕانکاریی بەسەر هەلومەرجە مێژووییەکاندا دێتو سەردەم گونجاو دەبێت بۆ پیادەکردنی مافی چارەی خۆنووسین.

ئەو ئاکامە پڕمەترسییانە هەمیشە لەبەرچاواندا دەبنو هەر خێراش دەبنە تەگەرەیەک لەشێوەی ئامراز یان گرفتێکی مەترسیدار لەرێی گەشەی نەتەوەییو نیشتمانی لەعیراقو ناوچەکەدا، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش دەبنە یەک لەو گرفتە درێژخایەنانەی ناکرێت وازیان لێ بهێنرێتو پێویستە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، پێویستە بارەکە وەها بڕەخسێنرێت کە هەموو لایەنەکان لەخوێندنەوەیەکی جیدیو دروستی مێژووی هاوچەرخدا یەک بگرنەوەو راستی رووداوەکان وەک خۆی تۆمار بکەن، بۆ ئەوەی ئەو رووداوانە پەرشو بڵاو نەبنەوەو لەپاشەڕۆژدا نەبنە جێی مشتومڕو ناکۆکیی نەوەکانی داهاتوو، کە ئەمەش دیسان لێکترازانو ململانێی تری لێدەکەوێتەوە، پێویستە سەنتەری توێژینەوە دابمەزرێنێت کە تایبەت بێت بەتوێژینەوەی زانستیو مەوزووعییانەی تاوانەکان، بەتایبەتیش لەزانکۆ عیراقییەکانداو بەتایبەتتر لەزانکۆ کوردییەکاندا، ئەمە بێجگە لەکردنەوەی سەنتەرێکی نێودەوڵەتی تایبەت لەوبارەیەوە.

هەروەها پێویستە پەرلەمانی کوردیو هێزە کوردییەکان دەست بکەن بەدەرکردنی بڕیاری تایبەتو پێویستە هەموو هێزە سیاسییە پەیوەندیدارەکان رووی چالاکییان بکەنە هەڵێنجاندنی بڕیارێکی مەرکەزی لەدەسەڵاتی فیدراڵییەوە بۆ دەستکردن بەخوێندنەوەو چارەسەرکردنی گرفتەکە، دەبێت لایەنی پەیوەندیداریش بجووڵێنرێت بۆ بەشداریکردنێکی شیاو بەمەبەستی لابردنی تەسەورە خراپەکان لەسەر خۆی، ئەو تەسەورانەی بۆیان هەیە ببنە راستییەکی حاشاهەڵنەگر ئەگەر هاتو قوربانییەکە هێندەی تاڵەموویەک هەستی بەکەمتەرخەمیو پشتگوێخستنو خاووخلیچکیو خۆدزینەوە کرد لەتاووتوێکردنو چارەسەرکردنەکەدا، پێویستە دەستبەجێ دەست بەو مەسەلەیە بکرێتو بەبڕیارێکی حکومەتی ئێستاش.

ئەگەر تەنها بەئاوڕدانەوەیەکی سەرپێیی هێزە نیشتمانییە ناسراوەکان بۆ تاوانەکە واز بهێنرێت، ئەوە بێ ئینسافییەکی زۆری تێدا دەبێت لەئاستی قەبارەی تاوانەکەو شوێنەوارە نیشتمانییەکانی لەلایەکەوەو لەلایەکی تریشەوە لەسەر ئاستی پاشەڕۆژ کاریگەرییەکی خراپی دەبێت بۆ سەر پەیوەندیی برایانەی نێوان کورد بەسەرێکو هەموو هێزە عیراقییەکانی تر بەسەرێکی تر. لێرەوە پێویستە لەسەر هەر هێزێکی عیراق تەنها بەوە واز نەهێنێت کە پاکانە بۆ خۆی بکات لەو تاوانە، بەڵکو بەدەم ئەو بەرپرسیارێتییە مێژووییەوە بچێت کە دەکەوێتە سەر شانی هەموان.

# زانکۆ، ئەنفالی لەبیرچۆتەوە

**ئاریان محەمەد**

ئێمە هەمیشە رەخنە دەگرین، بێ ئەوەی، ئەوەی رەخنەی لەسەر دەگرین لە خۆماندا رەنگی دابێتەوە، بەردەوام ئەوی دی وەک بێ هەڵویست لەبەرامبەر کارەساتەکانی خۆمان نیشاندەدەین، لەکاتێکدا هەڵویستەکانی خۆمان لەژێر گوماندایە، لەوەتەی روییداوە جولەکە هۆلۆکۆست بەهی خۆی دەزانێت، بۆیە لەهەر کوێیەک بێت کردویەتیە ناسنامەی چەوسانەوەی و کاری لەسەر دەکات، کەچی رەفتاری کورد لەوەدەچێت ئەنفال و هەڵەبجە بەهی عەرەب بزانن، چونکە ئەوەندەی چاوەڕێی ئەوانن لەبارەی ئەنفالەوە بدوێن و کار بۆ ئەنفال بکەن، هێندە خۆمان بەو کارەساتەوە خەریک نین. نەمدەویست ئەوەی دەروازەی ئەو دۆسیەیە دەنوسێت من بم، چونکە نوسینی ئەو گۆشەیە شایستەی کەسێکە لە ئازارەکانی ئەنفال تێبگات، ئیدی ئەو کەسە پاشماوەی کارەساتەکە بێت، یاخود دانیشتویەکی دۆزەخەکانی گەرمیان یا یەک لەوقەڵەمە دەگمەنانەی شەو و رۆژیان بۆ ئەنفال خستۆتە سەریەک.

نەبەز کەمال نوری هاوڕێم کاتێک وەڵامەکانی ئەو دۆسیەیەی دەخوێندەوە گلەیی کرد، کە زۆربەی ئەوانەی قسەیان کردووە وەک کورد بیردەکەنەوە، من ئەوکاتە قسەیەکم نەبوو پێی بڵێم، بەڵام ئێستا سەیرم بەو پرسیارە دێت کە ئاخۆ ئەوانە وەک کورد بیردەکەنەوە یا نا؟ ئایا کورد خۆی بیردەکاتەوە تا خەڵکی لە بیرکردنەوەدا لەسەر ئەنفال لاسایی ئێمە بکەنەوە؟، ئێستا پێم وایە ئەو هاوڕێیەم هەڵە دەکات، چونکە ئەوەی بیر لە ئەنفال دەکاتەوە لە کوردستان ئەوەندە ژمارەیان کەمە لە نوسەرانی ئەو دۆسیەیەش رەنگە کەمترین.

ئەوەی ناچاری کردم ئەم دەروازەیە بنوسم، هەواڵێکی رۆژنامەی عەرعەرە، کە چەند خوێندکارێکی زانکۆی سلێمانی دەریدەکەن، بە پێی هەواڵەکە بێت لەزانکۆی سلێمانی لەداوی راپەڕینەوە لە کۆی (١٩٥٥) توێژینەوەی دەرچوون، تەنها (٢١) توێژینەوە دەربارەی پرۆسەی ئەنفالە. ئایا ئەمە بیرکردنەوەی کوردە لە کارەساتەکانی، کە دڵنیام کاتێک دێتە سەر توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی مامۆستاکان ئەو ژمارە رەنگە لەسفر نزیک ببێتەوە.

ئەگەر قسەکردن لەسەر ئەنفال دوو دیوی هەبێت، ئەوا راستە دیوێکی پەیوەندی بەقسەکردنی هاوزمانەکانی سەدامەوە هەیە، تا بەجۆرێک بێ بەریبوونی خۆیان لە ئەنفال و تەنانەت لە بیری نەتەوەپەرستانەی عەرەبیش روون بکەنەوە، کە هەندێک جار بێتە سەر داوای لێبوردنیش، بەڵام دیوەکەی تری قسەکردن و نوسین لەسەر ئەنفال، ، کاری ناوەندی زانستی و ئەکادیمیە، کاری زانکۆکانی کوردستانە ، بە تایبەت زانکۆی سلێمانی، کە قورسایی کارەساتی ئەنفال وکاریگەرییەکانی تائێستاش بەو پارێزگایەوە دیارە، تائێستاش ئاسەوارە سیاسیو ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی ئەنفال، کاریگەرە بەسەر بەشێکی زۆر لەجەستەی ئەو پارێزگایەوە، لەو دیوەی قسەکردن لەسەر ئەنفال دەبوایە تائێستا بەدەیان توێژینەوە بنوسرایە، دەبوایە هیچ نەبا، زانکۆی سلێمانی ناوەندێکی ئەکادیمی بۆ توێژینەوە لە ئەنفال پێکهێنابایە، کە بەداخەوە زانکۆی سلێمانی، وەک لە ژمارەی توێژینەوەکان دەردەکەوێت مێشیش میوانی نییە.

لەپرۆسەی ئەنفالدا گەرمیانیەکان نیوەیان بوونە قوربانی و بۆ یەکجاری مردن، ئەوانەی زیندوش مانەوە لەناو تاڵاوی برسیەتی وتەنهایی و چاوەڕوانیدا رۆژانە ئەنفال دەکرێنەوە، تائێستاش زیندوەکانی پاشماوەی ئەنفال، مناڵ و پیرو ژن، بەدەست ئاسەوارە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی ئەنفالەوە دەتلێنەوەو حکومەتیش دەستەوەستانە، لەوەش کارەساتتر زاکۆکانیشت دەستەوەستانن، تائێستاش نازانین ئایا زانکۆیەک نەتوانێ چەند توێژینەوەک لەسەر کارەساتی ئەنفال و چۆنیەتی خۆ دەربازکردن لە ئاسەوارەکانی بەرهەم بێنێت، ئەی دەتوانێ چی بکات. ئایا تەنها بەرپرسیاریەتیە ئەخلاقی و نشتیمانیەکانی ئەو زانکۆیە لەوەدایە کە کوڕو کچەکانیان لەکۆلێژێکدا جێگە بکاتەوە و پێنج نمرە بخرێتە سەر کۆی نمرەکانیان؟ ئایا بەرپرسیاریەتی ئەو زانکۆیە تەنها تا ئەو شوێنە بڕ دەکات کە لە رێگەی قبوڵخاسەوە چەند مناڵێکی ئەنفال بباتە زانکۆو هیچی تر؟ ئا ئێستا ئەو کاتەیە کە تێدەگەیت زانکۆی ئێمە جگە لە تەمەڵخانەیەکی گەورە هیچی تر نییە.

زانکۆی کراوەی ئیسلامی لە دانیمارک لەم ماوەیەدا لە رێگەی ناوەندی چاکەوە دوو کورسی خوێندنی بە کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال بەخشی، بەو مەرجەی توێژینەوەی ماستەری ئەم دوو خوێندکارە دەربارەی ئەنفال بنوسرێت، لەوەش سەیرتر هاوڕێیەکم لەهۆڵەندا نامەی ماستەرەکەی لەسەر ئەنفالەو بۆ هاوکاری و زانیاری پارساڵ سەردانی زانکۆی کردبوو، بەڵام هیچی دەستنەکەوت، ئەو دوو نمونە هیچی لێناخوێنرێتەوە ئەوە نەبێت، وەک چۆن رۆژنامەنوس و رۆشنبیرە قسە زلەکانی ئێمە رەخنە لە عەرەب دەگرن کە قسەیەک دەربارەی ئەنفال ناکەنو کەچی خۆیان بێدەنگی کوشتوونی، پێدەچێت زانکۆی سلێمانیش هەروا بیر بکاتەوەو ئەو شەرەفەی تەسلیمی زانکۆ عەرەبی و ئەوروپیەکان کردبێت، چونکە زانکۆیەک خوێندکارێک پێ بگەیەنێت لە دیدارێکی رۆژنامەی ( گۆڕان) دا، بڵێت باوەڕم بە ئەنفال نییە، بەدڵنیایەوەش خۆی ئەوەی لێ چاوەڕێ ناکرێت بیکات، کە بە پێی پێوەرە ئەخلاقی و نشتیمانیەکان لەسەر شانی واجبە.